


نۆکیا سەردەمێك بە یەکێك لە باشترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی مۆبایل سەیر دەکرا، بەڵام ماوەیەکە بەهۆی چەند گرفتێکەوە لە دەرەوەی رکابەرییەکانە، هەرچەندە لەم ماوەیەدا نۆکیا هەوڵیداوە بەجۆرێکی دیکە بێتەوە مەیدانەکە، وەك بەرهەمهێنانی تەبلێت

## بەهۆی ئامێریکەوە هیچ شتێکت لێ ون نابێت

لە داهاتوودا گرفتی ون بوونی ئامێرەکان گەر بنبڕیش نەبێت، کەم دەبێتەوە، ئیدی لە داهاتوودا نیگەرانیی ون بوونی پێڵاو، گۆریە، کلیل، جانتا...تاد نابی. هەر لە ئێستاوەش بۆ داهاتوویەکی وا هەوڵدراوە.

ئامێرێکی بچووك کە بە "رتریڤۆر" ناسراوە، ئامێرێکی GPSی بچووکە کە هەموو شتێك پێکەوە پەیوەند دەدات. ئەم ئامێرە دوو گرفتی سەرەکیی ئامێرەکانی هاوشێوەی خۆی چارەسەر کردووە، یەکەم ئامێرەکە قەوارەکەی زۆر بچووکە و بەقەد یەك دیناری ئاسنی کۆنە و بارستایەکەشی بەقەد چوار دیناری ئاسن دەبێت. دووەم بۆ شەحنکردنەوەی پێویستی بە کارەبا نییەو بە خۆر شەحن دەبێتەوە. هەر ئەوەندە بەسە کە ئەم ئامێرە لە گیرفانت دابنێی، یان وەك مەدالیایەك بە کلیلەکانتی هەڵبواسیت. پاشان بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەت کە لە مۆبایل دەخرێت کەلوپەلەکانتی بۆ دەستنیشان دەکەی ئەوانەی کە مەبەستتە بیاندۆزیەوە. توانای دیتنەوەی ئامێرەکە 2 مەتر هەتا3 مەترە.



## کاتژمێرێک کاتی مەرگی خاوەنەکەی دەستنیشان دەکات

هەموو بوونەوەرێك رۆژێك دێتماڵئاوایی لەم جیهانە بکات و بمرێت، هەرچەندە مرۆڤ نازانێت کاتەکانی مەرگی چ کات و ساتێکە و ئەجەل بێ پرس و بێ دەستنیشانکردنی کات لە دەرگا دەدات، بەڵام لەم دواییەدا کۆمپانیایەك کاتژمێرێکی بەرهەم هێناوە کە بە کاتژمێری کاتی مەرگ ناسراوە، ئەم کاتژمێرە لە سەرەتادا کۆمەڵێك پرسیار لە خاوەنەکەی دەکات لەبارەی ژیانی تاکەکەسی خۆی و ماڵباتەکەی، پاشان بەهۆی لێکدانەوەی پرسیارەکان دەستنیشانی کاتی مەرگی خاوەنەکەی دەکات.

هەرچەندە ئامانج لەو کاتژمێرە دیاریکردنی کاتی مەرگی خاوەنەکەی نییە، کۆمپانیای بەرهەمهێنیش رایدەگەیەنێت کە ئەو ئامانجەمان نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکیمان ئەوەیە کە رێزی کات بگرن و کات بە نرخە، ئەو کاتژمێرە وەك جەرەسێکی ئاگادارکردنەوەیە بۆ خاوەنەکەی کە مردن نزیکە. لەم کاتژمێرەدا سێ ریز ژمارە دەبیندرێت، کە هەرکامیان سێ ریزی دیکەیان هەیە، ریزی یەکەم لە ریزی سەرەوە، ساڵەکان، ریزی دووەم لە ریزی سەرەوە، مانگەکان و ریزی سێیەم لە ریزی سەرەوە رۆژەکان نیشان دەدات، ریزی یەکەمی ریزی ناوەند کاتژمێر، خولەك و چرکەکانی تەمەنت نیشان دەدات. لەریزی ئاخیریشدا کاتژمێرێکی ئاسایی نیشان دەدات.

کاتژمێرەکە ناوی (تیکەر)ە و لەگەڵ کاتژمێرەکە کتێبێکیش بە دیاری دەدرێت بە خاوەنەکەی کە لەبارەی رێزگرتن لەکاتەوەیە.



# لومیا 2520 یەکەم تەبلێت لە نۆکیاوە

و فەبلێت. یەکەمی تەبلێتی نۆکیا کە سیستمی Windows ی لەسەرە، تەبلێتی لومیا 2520یە. کە دیزانێکی سەرنجڕاکێشی هەیە شاشەکەی 10.1 ئینجە ئەمەش بۆ خوێندنەوە و گەمە کردن شاشەیەکی گونجاوە. سیستمی گەیاندنی Wi-Fi و تەکنۆلۆژیای نەوەی چوارەمی پەرەپێدراوی درێژخایەنی(LTE) هەیە و کامێراکەی 6.7 میگاپیکسلە.

جگە لەمانە بۆ یەکەم جار تەبلێتی Lumia 2520 خزمەتگوزاریی هەستەوەریی بینینی زایس داناوە کە بەهۆیەوە یارمەتی بەکارهێنەر دەدات وێنەی جوان و کوالیتی بەرز بگرێت تەنانەت لە کاتی تاریکی و رووناکییەکی کەمیشدا. لە ماوەیەکی زۆر کەمیشدا شەحن دەبێتەوە.

## باتریەکی تەنک وەک کاغەز لوول دەدرێت




## چۆن فایلە زیادەکان لەهارددیسک بسڕینەوە؟



گرفتێك کە لە ویندۆزدا هەیە ئەوەیە کە بۆ سڕینەوەی فایلە بێ کەڵکەکان خۆی ئۆتۆماتیکی ئەو ئەرکە ئەنجام نادات، واتە فایلە بێ کەڵکەکان کە بەشێکیش لە هارددیسك داگیر دەکەن بۆخۆی ناسڕێتەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا چەند هەنگاوێکی سادەتان بۆ ئاشکرا دەکەین بۆ سڕینەوەی فایلە بێ کەڵکەکان.

لە دەستپێکدا دەبێت دوگمەی ویندۆز ئەم دوگمەیەی لەسەر کیبۆردە لەریزی خوارەوە و لەشێوەی پەنجەرەیەك دەچێت دابگری. کە داتگرت ئەم دەستەواژەیە بنووسە Cleanmgr و پاشان دوگمەی ئەنتەر دابگرە. ئێستا لاپەڕەیەك دەکرێتەوە، داوات لێدەکات کە ئەو درایڤەی کە مەبەستتە هەڵبژێرە وەك درایڤی (C.D.E)، چونکە بە زۆری فایلە بێ سوودەکان لە درایڤی (C) دا کۆبوونەتەوە کەوایە ئەم درایڤە هەڵبژێرە. پاشان لاپەڕەیەکی دیکە دەکرێتەوە. دواتر ئەوانەی کە لە لیستێکداهاتوون هەموویان هەڵبژێرە و گرتەیان لەسەر بکە. دواتر دوگمەی فەرمانی OK لێبدە. ئێستا گشت ئەو فایلە بێ سوودانە دەسڕێنەوە و ویندۆزەکەش گیانێکی تازەی دێتەوە بەر.




# شەحنێکی مۆبایل پرۆگرامی تێکدەرەیش دەسڕێتەوە

ڤایرۆس و پرۆگرامی تێکدەر هەم بۆ مۆبایل و هەم بۆ کۆمپیوتەر گەلێکن، لە مۆبایلدا کۆمپیوتەر ئەنتی ڤایرۆسی تایبەت هەیە، بەڵام جگە لە ڤایرۆس پرۆگرامی تێکدەریش هەیە کە ئەنتی ڤایرۆس ناتوانێ بیدۆزێتەوە، لەم دواییەدا شەحنکەرەوەیەکی مۆبایل بەرهەم هاتووە کە سەرەڕای ئەوەی مۆبایلەکە شەحن دەکاتەوە پرۆگرامە تێکدەرەکانیش دەسڕێتەوە.

شەحنکەرەوەی جۆری Skorpion توانای سکانکردنی مۆبایلە سمارتەکان هەیە و دەتوانی ئەو فایلانە دەستنیشان بکات کە چ پرۆگرامێك خەریکە داتاکانت بدزێت و و زانیارییەکانی بانکی و کارتی مۆبایل و کۆدە نهێنییەکانت بۆخۆی بەرێت. شەحنەکە بەم شێوەیە پاش ئەوەی کە لە مۆبایلەکە خرا بۆ ماوەی دوو خولەك خەریکی سکانکردنی هاندی مۆبایلەکەیە. گەر هیچ پرۆگرامێکی تێکدەری نەدۆزیەوە چرای شەحنکردنەوە پێدەبێت، بەڵام گەر پرۆگرامێکی تێکدەری دیتەوە چرای سوور هەڵدەبێت و ئامێرەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مۆبایلەکە دەکوژێنێتەوە و پێدەکاتەوە.

# ماددەیەک مۆبایلە سمارتەکان لە ئاست پێکەوتندا دەپارێزێت

مۆبایلە زیرەکەکان، جگە لەوەی کە گەلێك ئەرك ئەنجام دەدەن، لەبارەی تێچوونیشەوە گرانبایین، هەرچەندە هەندێکیان لە ئاست پێکەوتن و تەڕبووندا خۆراگرن، بەڵام گشتیان وا نین. لەم دواییەدا کۆمپانیای Evolutive Labs کە لەلایەن چەند قوتابییەکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، توانی ماددەیەکی پارێزەر بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان چێ بکات کە بە Rhino Shield ناساراوە، ئەم ماددەیە دەتوانێت مۆبایلەکەت لە ئاست هەرپێکەوتنێکدا بپارێزێت. ئەم ماددەیە روونە وەك لەزگەیەك لە شاشەی مۆبایلەکان دەدرێت و ئەوکات کە مۆبایلەکە لە بەرزاییش بکەوێتە خوارەوە هیچی لێنایەت. ئەم ماددە لەزگە شێوەیە لە شەش لا پێکهاتووە، هەربۆیە لەئاست پەڵەگرتن، لێخشاندن، بەرکەوتن، تەڕبوون مۆبایلەکە دەپارێزێت.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات کە هۆکاری کوژانەوەی لاپتۆپ لەناکاو چییە؟ ئەم خوێنەرە دەڵێت لاپتۆپێکم هەیە دوای ماوەیەك کارکردن بێ ئەوەی کە پەنجەم بە هیچ دوگمەیەك کەوتبێ یان شەحنی دابەزیبێ لەخۆیەوە دەکوژێتەوە؟

خوێنەری بەڕێز هۆکاری کوژانەوەی لاپتۆپ لەناکاو چەند هۆکارێکن، بەڵام گرنگترین هۆکار پەیوەندی بە گەرمداهاتنی CPUیەوە هەیە، CPU یان پرۆسیسەر کە دڵی کۆمپیوتەرە ئەگەر زیاتر لەو ڕێژەی بۆی داندراوە گەرمدابێت دەکوژێتەوە. هۆکاری گەرمداهاتنەکەش بۆ بە دروستی کارنەکردنی فەن واتە پانکەی لاپتۆپەکەیە. یان بەهۆی ئەوەیە کە تۆز و خۆڵێکی زۆر دەوروبەری پرۆسیسەر و پانکەکەی داگرتووە، یان ئەوەیە کە لاپتۆپەکەت لە بن بالیف یان شتێکی نەرم دادەنێی کە ئیزن نادات بای گەرم فرێداتە دەرەوە، ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ کوژانەوەی لەناکاوی لاپتۆپ.

# به ئاگر مۆبایلەکەت شەحن بکەوە

ئـــەو ئامـــراز و کەرەســـتانەی بەمەبەســـتی بارگاوی کـــردن و شـــەحنکردنەوەی باتـــری مۆبایل یـــان ئامێرە دیجیتالییەکانی دیکـــە وەك لاپتۆپ و کامێرا و تەبلێت.. تاد، ڕەنگە گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبێت، چونکە ئێســـتاکە لە هەر شـــوێنێك کارەبا هەیە و بە ئاسانی ئامێرەکان شەحن دەکرێنەوە. بەڵام ئەگەر وایلێهات کەوتییە شوێنێك و کارەبا نەبوو، ئەمە ئاگردانە بچووکە کە لە وێنەکەدا دەبینن ڕەنگە ڕێگا چارەسەر بێت.

ئامێـــری FlameStower کە بـــەم دواییانە لەلایەن دوو گەنجی بواری ئایتی دروســـتکراوە، لە ئاگردانێك دەچێت کە ئاوی تێدەکرێت و لە بنەوە ئاگری بۆ دادەنرێت، ئاگرەکە هەرچییەك بێت جیاوازی نییە، تەنیا ئەوەندەیە کە گەرما و تینی هەبێت، ئیدی بە کوڵینی ئاوەکە هێدی هێدی شەحن دەبێتەوە. ئەمـــە ڕێگاچارەیەکە تەنیا بۆ کاتی زۆر تایبەت بەکار دێت.





# پرۆگرامێک بۆ چاتکردن لەگەڵ گشت مەسنجەرەکان

بۆ قســـەکردن و ئەوەی لە جیهانی ئایتیدا پێیدەگوترێت (چات)کردن گەلێك پرۆگرام و سایت هەن کە هەرکام تایبەتمەنـــدی و خزمەتگوزاریی خۆی هەیە. ڕەنگە زۆربەمان لە زۆربەیان دا ئەکاونتی خۆمان هەبێت، وەك (ســـکایپی، یاهوو مسنجەر، فەیســـبووك مسنجەر. نیمبوز... تاد) بۆ هەرکامێکیش ناو و پاســـۆردی جیامان داناوە. ئەمەش تا ڕادەیەك گرفتێکە بۆخۆی. پرۆگرامی Trillian Astra ئەم گرفتەی تا ڕادەیەك چارەسەر کردووە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت لە یەك کاتدا لە ئەکاونتەکانی خۆت لە گشت ژوور و سایتەکانی چاتکردن بەهرەمەند بی.



# سایتێک بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا بە شێوەی ئۆنلاین

بەدوای سایت و کەناڵی مۆسیقیدا دەگەڕێی؟ تا گوێ لە نوێترین ئاوازەکان بگری؟ حەز دەکەی لە هەر شوێنێك بی ئەو گۆرانی و مۆسیقایەی حەزی لێدەکەی لەبەردەستت دابێ؟

ســـایتی Solayo.com ســـایتێکی تایبەتە بە دۆزینەوە و گوێدان بە مۆســـیقا و ڤیدیۆی گۆرانی. خزمەتگوزارییەکانی ئەم ســـایتە بێ بەرامبەرن و بەشێوەی ئۆنلاینن. لەم سایتەدا وەك سایتەکانی بەدواداگەڕان دەتوانی ناوی ئەو گۆرانی و ئاوازەی حەزی لێدەکەی بنووسی، ســـایتەکەش لەســـایتەکانی وەك یوتیوب و ساندکلۆد و سایتەکانی دیکە ئەوەی مەبەستی تۆیە دەیدۆزێتەوە. بەڵام دەبێت بۆ سوود وەرگرتن لەم خزمەتگوزارییە ئەکاونتێکی خۆڕاییت هەبێت. زانیارییەکانی خۆت وەرگرە بیدۆزەوە. بە چێکردنی ئەکاونتێك دەتوانی کورتەپەیامیش بنێری و لەگەڵ کەسانی دیکە کە لەم سایتەدا ئەندامن فایلیش بۆ یەکتر بەرێ بکەن. هەروەها دەتوانی بە چێکردنی لیستێك لەو گۆرانی و ئاهەنگانەی حەزیان لێدەکەی ئەرشیڤێك بۆخۆت دروست بکەی و خەزنی بکەی. زۆر کەناڵی رادیۆیش لەم سایتەدا هەن.